# یاسای پارێزەرێتی و
# بنەماکانی رەفتاری پیشەی پارێزەرێتی

ئامادەکردنی : پارێزەر ئاری جەزا مەحمود

## پێشەکی

دیارە هەموو یاسایەك كە دەردەچێت كۆمەڵێك هۆكار هەیە پاڵ بە پەرلەمان و حكومەتەوە دەنێت بۆئەوەی ئەو یاسایە بنووسرێتەوەو پەسەند بكرێت لەلایەن پەرلەمان و بخرێتە بواری جێبەجێكردنەوە،یاسای پارێزەرایەتی یەكێكە لەو یاسایانەی لە سایەی پەرلەمانی كوردستانەوە دەرچووەو خراوەتە بواری جێبەجێكردنەوەو ،وەك ئەوەی ئاشكراو ڕوونە لای هەمووان دوای كشانەوەی ئیدارەی حكومەتی مەركەزی لە هەرێمی كوردستان لە بەرواری 21-10-1991 گرفتێكی گەورە بۆ هەرێمی كوردستان دروست بوو لە زۆربەی بوارەكاندا لە نێوانیاندا گرفتی نەبوونی یاسایەكی تایبەت بە پارێزەران كە بتوانێت پیشەی پارێزەرێتی رێك بخات هەروەها كاروباری پارێزەران خۆیان رێك بخات بە شێوەیەك كە بتوانێت هاوشانی ئەو ڕەوتی پێشكەوتنەی هەرێمی كوردستان لە ڕووی كۆمەڵایەتی و ئابووری و دیموكراسیەوە گوزەر بكات تا بتوانێت هیچ بۆشاییەك بەجێنەهێڵێت كە ئاماژەی بۆ نەكرابێت گرفتی بۆ پارێزەرانی هەرێمی كوردستان دروست بكات لەوسەروبەندەدا یاسای پارێزەرایەتی هەرێمی كوردستانی ژمارە (17) ی ساڵی 1999 دەرچوو كە بەهۆیەوە توانرا بە ئەندازەیەكی باش پیشەی پارێزەری لە هەرێمی كوردستان رێكخستنی بۆ بكرێت ,دواتر یاسای ژمارە(11)ساڵی (2002)و یاسای ژمارە( 6 )ی ساڵی 2007 دەرچوو كە چەند برگەو ماددەیەكی یاسای ژمارە 17ی ساڵی 1999ی هەمواركرد تا ئێستا بەو شێوەیە یاسای پارێزەرایەتی لە هەزرێمی كوردستان جێبەجێ دەكرێت كە لە (83) ماددە پێك هاتووە وە ئەم ماددانەش لە (10)بەش و هەر بەشێكیش لە چەند لقێك پێكهاتووە ,رێكخراون بە شێوەیەك كە زۆر روون و ئاشكرایە بۆ گەڕانەوە بۆ ماددەكانی كە بەپێناسە دەست پێدەكات دواتر ئامانجەكان و پارێزەرایەتی و مەرجەكانی پیادەكردنی پیشەی پارێزەری و دواتر چۆنیەتی ناو تۆماركردن لە سەندیكای پارێزەران و دەسەڵاتەكان و چۆنیەتی برینی پلە پارێزەراییەتیەكان دواتر مافەكانی پارێزەر و ئەركەكانی ,دواتر لقەكانی سەندیكاو دواتر دارایی سەندیكاو لە كۆتایشدا بریارە كۆتاكان, كە لێرەدا دەمانەوێت بەشێوەیەكی تێرو تەسەل شیكاری تەواو بۆ ئەو برگەو ماددانە بكەین تا بتوانین بەرچاو روونیەك پێشكەش بەسەرجەم پارێزەران و هەموو ئەو پارێزەرانەی سەرەتا دەست دەدەنە كاری پارێزەرایەتی , لەگەڵ ئەوەشدا تیشك دەخەینە سەر رێسا پیشەییەكانی پیشەی پارێزەری((قواعد السلوك المهنی)) كەلە بەرواری 1987/6/16سەندیكای پارێزەران رێنمایی گونجاوو پێویستی لەو بارەیەوە دەركردووە كە (19)برگە دەگرێتە خۆی كە تا ئەندازەیەكی زۆرباش توانیویەتی سلوكی پارێزەر لەكاتی پەیرەوكردنی كاری پارێزەرایەتیدا رێك بخات بەشێوەیەك كە ئەوەی بۆپارێزەر روونكردۆتەوە سنووری مافەكانی خۆی بزانێت وهەروەها سنوری ئەركەكانی خۆی بزانێت و چۆنیەتی كاركردنی و هەروەها پەیوەندیەكانی لەگەڵ دادگاو بەرامبەر(خصم)وكاردارەكەی روونكردووەتەوە بەشێوەیەكی زۆر باش. بەو ئومێدەی كە بتوانین لەدووتوێی ئەم ئامادەكردنەدا خزمەتێك بەسەرجەم پارێزەران بكەین و بتوانین بەرچاوروونیەك بین بۆ ئەو پارێزەرە بەرێزانەی سەرەتا دەست دەكەن بەكاری پارێزەرایەتی.

\

**یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی كوردستانی عێراق ژمارە(17)ی ساڵی 1999ی هەموار كراو**

- بەشی یەکەم ← پێناسەکان
- بەشی دووەم ← ئامانجەکان
- بەشی سێهەم
  - لقی یەکەم / پارێزەرایەتی
  - لقی دووەم / مەرجەکانی پیادەکردنی پیشەی پارێزەرایەتی
- بەشی چوارەم
  - لقی یەکەم /تۆماری پارێزەران
  - لقی دووەم / دەسەڵات و پلەی پارێزەرایەتی
- بەشی پێنجەم
  - ڕێسا گشتییەکان
  - ڕاوێژی یاسایی
  - ماندووبوونی پارێزەرایەتی
  - ئەرکەکانی پارێزەر
- بەشی شەشەم ← سەندیکای پارێزەران
- بەشی حەوتەم
  - دەستەی گشتی پارێزەران
  - نەقیبی پارێزەران
  - لیژنەی ئینزیباتی
- بەشی هەشتەم ← لقی سەندیکا لە پارێزگاکان
- بەشی نۆهەم ← دارایی سەندیکا
- بەشی دەهەم ← بڕیارە کۆتاکان

## بەشی یەکەم / پێناسەکان

لە ماددەی (1)دا ئەوە هاتووە کە لە یاساکەدا کۆمەڵێك دەستەواژە دێت پێناسەی ئەو دەستەواژانەی کردووە یەکەمیان دەستەواژەی هەرێم بە واتای هەرێمی کوردستانی عێراق هەروەها دەستەواژەی وەزارەت بەواتای وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێمی کوردستان وە هەروەها دەستەواژەی سەندیکا بەواتای سەندیکای پارێزەرانی کوردستان و دەستەواژەی ئەنجومەن بەواتای ئەوەدێت لەهەر شوێنێکدا ووشەی ئەنجومەن هات مەبەستی ئەنجومەنی سەندیکای پارێزەرانی کوردستانە وەهەروەها وشەی تۆمار کە هاتولە هەرشوێنێکدا مەبەستی ئەو تۆمارەیە کەناوی پارێزەرانی تیا تۆمار کراوە بەپێی پێشەنگی وە هەروەها ووشەی پێشەنگ ئەوە دەگرێتەوە کە ئەو ماوەیەیە کە پارێزەر بەشێوەیەکی پراکتیکی پیشەی پارێزەری دەکات وە هەروەها ووشەی سندوق لەهەر شوێنێك هاتبێت بەواتای ئەوەیە سندوقی خانەنشینی پارێزەران وەهەروەها ووشەی خشتە لە هەر شوێنێکی یاساکەدا هاتبێت مانای خشتەی ناوی پارێزەرانە کە هاوبەشی ساڵانەیان داوە بە سەندیکا کە ئەمەش ساڵانە ئەگۆڕدرێت.

## بەشی دووەم /ئامانجەکانی یاسای پارێزەرایەتی:

بنەمایەکە لە بنەماسەرەکیەکانی بەدەست هێنانی دادپەروەری لەبەرئەوەی پارێزەرایەتی (قضاء الواقف) وە گەرەنتیەکە بۆ مافی پارێزگاری کە پیرۆزە وە ئەمەش چەند ئامانجێکی هەیە لەوانە پشتگیری کردنی حکومەتی هەرێم و سیستەمی فیدراڵی و سیستەمی دیموکراسی لە هەرێم وە هەروەها رێکخستنی پیشەی پارێزەری لە هەرێم بە شێوەیەك گەرەنتی مافی پارێزگاری بۆ کەسی سروشتی و مەعنەوی بکات و دادپەروەری بەدەست بێت و سەروەری یاسا بپارێزێت و هەروەها بوونی سەندیکا بە هێز بکرێت و ئاستی پارێزەران لە ڕووی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و پیشەییەوە بەرزبکاتەوە وە هەروەها فکرو ڕۆشنبیری یاسایی لە ناو کۆمەڵگادا بەرزبکاتەوە و هەروەها یارمەتی بەرەو پێش چوونی ڕەوتی دارشتنی یاسا لە هەرێمدا دەکات.

## بەشی سێیەم /پارێزەرایەتی و مەرجەکانی پیادە کردنی پیشەیی پارێزەری

پارێزەر بۆی هەیە پیشەی پارێزەری بکات لە سنووری ئەرکەکان و ئیلتیزاماتەکانی بەشێوەیەك ئەتوانێت ببێتە بریکاری کەسی سروشتی و هەروەها کەسی مەعنەوی وە پارێزگاری لە مافەکانیان بکات وەهەروەها پرۆژەی یاسایی پێشکەش بکات وەهەروەها هەمو گرێبەستێك رێك بخات و هەروەها گرێبەستی دامەزراندنی کۆمپانیا رێك بخات وەهەروەها لێکۆڵینەوەی یاسایی پێشکەش بکات وەهەروەها ئەتوانێت ڕاوێژی یاسایی پێشکەش بە کەرتی تایبەت بکات بە شێوەی راوێژکاری یاسایی یان ئەویش لە رێگەی گرێبەستێکی پەسەندکراو بە پێی بنەماکانی ئەم یاسایە.

مەرجەکانی پیادەکردنی پیشەی پارێزەری:

یەکەم/ئەبێت بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە یاسادا بەدەست هێنابێت لە یەکێك لە زانکۆکانی هەرێم یان بڕوانامەیەکی تر کە هاوشانی بڕوانامەی یاسا بێت بەمەرجێك تاقیکردنەوەیەك لە یاسادا بە سەرکەوتویی ببڕێت بەڵام هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسادا یان هەڵگری بڕوانامەی بەرزتر لە یاسادا لە زانکۆکانی عێراق پێویست بەو تاقیکردنەوەیە ناکات.

دووەم/ناوی تۆمار بێت لە تۆماری پارێزەرانی سەندیکای پارێزەران.

**سێیەم**/ئەهلیەتی یاسایی هەبێت.

**چوارەم**/نابێت تەمەنی لە (55)ساڵ تێپەڕ بووبێت بێجگە ئەوانەی پێشتر پارێزەر بوون یان لە دادگا ئیشیان کردووە یان لە جێگرایەتی داواکاری گشتی یان مامۆستای یاسا بووبێت بۆ ماوەی حەوت ساڵ و بەرەو سەرتر،لێرەدا ئەبێ تێبینی ئەوە بکرێت ئەبێت ئەو فەرمانبەرە هەڵگری بڕوانامەی یاسا بووبێت واتە ئەگەر هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەیاسادا نەبووبێت لە دادگا کاری کردبێت دواتر بڕوانامەی یاسا بەدەست بهێنێت و تەمەنی (55)ساڵی تێپەڕ کردبوو ناتوانێت ببێتە ئەندام لە سەندیکای پارێزەران.

**پێنجەم**/نابێت ناوی سڕ‌ابێتەوە لە تۆماردا یان دوورخرابێتەوە یان لە تۆماری سەندیکای تر سڕ‌ابێتەوە یان دوورخرابێتەوە بە هۆی سزادانەوە،یان دەرکرابێت لە بەرێوەبەرایەتیەك بە هۆکارێك پەیوەندی بە پاکی ئەوەوە هەبێت یان ئادابی گشتی.

**شەشەم**/ناوبانگ و رەوشتی باش بێت کە هۆیەك بن بۆ رێزگرتن و سیقەپێکردنی کە هۆن بۆ کاری پارێزەرایەتی.

**حەوتەم**/مەحکوم نەبێت بە تاوانێکی غەیری سیاسی یان کەتنێك پەیوەندی بە شەرەفەوە هەبێت.

**هەشتەم**/خانەنشین نەکرابێت لە پیشەی پارێزەرێتی.

**نۆیەم**/هەواڵەی خانەنشینی نەکرابێت بە هۆی ئەوەی تووشی نەخۆشی دەروونی یان عەقڵی بووبێت یان جەستەیی کەبە هۆیەوە نەتوانێت پیشەی پارێزەری بکات تەنها ئەگەر بە راپۆرتێکی پزیشکی باوەرپێکراو شیاوی بۆ پیشەی پارێزەری بسەلمێنێت لەم کاتەدا ئەتوانێت پارێزەرایەتی بکات.

وەهەروەها هەموو پارێزەرێك کە تۆمار بێت لە تۆماری سەندیکایەکی تر بۆی هەیە لە هەرێم پیشەی پارێزەری بکات بەمەرجێك مامەڵەی هاوشێوە هەبێت یان بە رەزامەندی نەقیبی سەندیکا یان جێگرەکەی ئەگەر نەقیب لەوێ نەبوو،وە ناتوانرێت کاری پارێزەرایەتی لەگەڵ وەزیفەی گشتی بەیەکەوە بکرێت واتە ناتوانرێت پارێزەر یت و فەرمانبەری حکومەت بی لەیەك کاتدا.وەئەگەر پارێزەر بووە فەرمانبەر یان یەکێك لە مەرجەکانی پیادەکردنی پیشەی پارێزەری لە دەست دا ئەوا ناوی دوور دەخرێتەوە لە تۆماری پارێزەرایەتیدا ،وەهەر پارێزەرێك ئەگەر ئەندامی ئەنجومەنی گشتی یان پارلەمان یان ئەنجومەنی شارەوانی یان ئەنجوومەنی کارگێری بێت ناتوانێت نە خۆی نە پارێزەرە شەریکەکەی یان هەر پارێزەرێکی تر بۆ ئەو کار بکات دژی ئەو ئەنجومەنانە بریکارنامە بکاتەوە لە ماوەی کاری لەو ئەنجوومەنانە وە بۆ ماوەی سێ ساڵ دوای وازهێنانی لەو ئەنجوومەنانە،بەهەمان شێوە ئەگەر لە وەزیفەی گشتیدا بووبێت ناتوانێت بریکارنامە بۆ دژی بەرێوەبەرایەتیەکەی بەکاربهێنێت واتە ناتوانێت داوا دژی بەرێوەبەرایەتیەکەی بۆ ماوەی سێ ساڵ دوای وازهێنانی ببینێت،بەهەمان شێوە ئەگەر لە دادگا کاری کردبێت وەك دادوەر یان جێگری داواکاری گشتی ناتوانێت بۆ ماوەی سێ ساڵ لە وازهێنانی کار لەو ناوچە ئستئنافیەدا بکات کە کاری تیا کردووە وەك پارێزەر،وەهەروەها ئەگەر داوایەك لەبەردەستی دا بووبێت یان ڕای تیا یابێت ناتوانێت وەك پارێزەر کاری تیا بکات،وەهەروەها ئەگەر لە داوایەك شایەت بووبێت یان خەبیر یان حەکەم بووبێت ناتوانێت وەك پارێزەر کاری تیا بکات،لە هەموو ئەمانەدا نە بە خۆی نەبە هۆی شەریکەکەی نەبە هۆی پارێزەرێك کار بۆ ئەو بکات ناتوانێت کاری تیا بکات.

### بەش چوارەم/تۆماری پارێزەران لەگەڵ دەسەڵات و پلەی پارێزەرایەتی:

تۆماری پارێزەران پێك هاتووە لە نـاوی پـارێزەران بـەپێی تۆمـارو پێشـەنگی لـە پـارێزەرە راوێـژکارەکان و کاراکـان و راهێنـراوەکـان ،پـارێزەر دوای ئـەوەی لـە کۆلێـژ دەردەچـێت داوایـەك پێشـکەش بـە ئەنجوومـەنی سـەندیکا دەکـات بـۆ تۆمارکردنی ناوی بۆیە لێرەدا ئەنجوومەن بۆی هەیە داواکە ڕەت بکاتەوە بکاتەوە یان وەری بگرێت ئەشبێت هۆکاری بـۆ هەردوو لایەنەکە نووسیبێت،ئەمە ئەبێت لە ماوەی (15ڕۆژ) لە پێشکەش کردنی داواکە بکرێت بەڵام ئەنجوومـەن بـۆی هەیە بۆ جارێك بڕیاریان تیایدا دوابخات،وەئەگەر ئەو (15رۆژ)ە تێپەڕی بەڵام هـەچ بڕیارێـك لـە ئەنجوومـەن دەرچـوو بـۆ وەڵامـی یـان دواخستنی ئـەوا بـەوە دادەنرێـت کـە وەرگیـراوە، وە ئەگـەر بڕیارەکـەی وەرنـەگیرا ئـەتوانێت لـە مـاوەی (15)رۆژ لـە ئاگـادارکردنی ئـەو بڕیـارە تـەمیز بکاتـەوە لـە دادگـای تـەمیزی هـەرێمی کوردسـتان وە بڕیارەکـەی ئـەو بڕیارێکی کۆتاییە واتە ناتوانی جارێکی تر تانـەی لێبـەی وە هـەموو پارێزەرێـك کـە وەردەگیرێـت ئـەبێت سـوێند بخـوات لەبەردەم دادگای تێهەڵچوونەوە(إستئناف)وەئەگەر پارێزەرێك لە مانگی کانونی دووەم هەموو ساڵێك هاوبەشـی سـاڵانەی نەدا ئەوا ناوی دوور دەخرێتەوە لە تۆماری ساڵانە بەڵام ئەگەر دوای ئەو مانگە هاوبەشی ساڵانەی دا ئەوا بە رێژەی لـە( 50٪) غەرامە دەچێتە سەر هاوبەشی ساڵانەکەی ئینجا ناوی دەخرێتەوە تۆماری ساڵانە ،وەئەگەر پارێزەر بـەبێ بـوونی هۆیـەکی بـاوەڕپێکراو دوو سـاڵ لەسـەریەك هاوبەشـی سـاڵانەی نـەدا ئـەوا بەتـەواوی نـاوی دووردەخرێتـەوە لـە تۆمـاری پارێزەران وە ئەو ماوەیە بە خزمەتی پارێزەری هەژمار ناکرێت بۆ ئەو پارێزەرە ،بەڵام ئەو پارێزەرە ئەتوانێت دووبـارە داوا پێشکەش بکاتەوە بۆ تۆمارکردنەوەی نـاوی ئەگـەر مەرجـەکانی مـاددەی(4،6،7) تێـدا بێـت ،وە ئەگـەر پارێزەرێـك ناوی بۆ جاری دووەم بە هۆی ئەوەی هاوبەشی ساڵانەی بۆ دوو ساڵ لەسەر یەك نەداو دووربخرێتەوە ئەوا ناتوانێت داوا پێشکەش بکات بۆ سەر لەنوێ تۆمارکردنەوەی هەتا ماوەی ساڵێك بەسەر بەرواری دوورخستنەوەی لە تۆماری پارێزەران تێنەپەڕێت ،وەئەگەر پـارێزەر نـاوی بـەو شـێوانەی لای سـەرەوە دوورخرایـەوە بـۆی نیـە پارێزەرایـەتی بکـات وە ئەگـەر کردی ئەوە بە تاوان دادەنرێت ئەتوانرێت بە پێی یاسا سکاڵا لە دژی بکرێت وە ئەگەر حکوم دراو پلەی کۆتایی وەرگـرت ئەوا بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێت ناوی تۆمار بکرێتەوە لە تۆماری پارێزەرایەتیدا وە پـارەی تۆمـارکردنی نـاوی پـارێزەر لە ماددەی (15)بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ئامـاژەی پێکـراوە کـە ئـەمـە یەکێکـە لـەو گۆڕانکاریانـەی بەسـەر یاساکەدا هاتووە وە تیایدا ئاماژە بە ڕەسمی گۆڕینی دەسەڵات کراوە واتە ئەگەر دەسەڵات گۆررا لە راهێنـراوەوە بۆ کارا ئەبێت ئەو پارێزەرەی بڕی(30000) سی هەزار دینار بدات بە سەندیکا وە ئەگەر دەسەڵات گۆڕا لە کاراوە بۆ راوێژکار ئـەبێت ئـەو پارێزەرە بڕی(50000)پـەنجا هـەزار دینـار بـدات بـە سـەندیکا وە هاوبەشـی سـاڵانە بـەپێی دەسـەڵاتەکان بـەم شـێوەیە راهێنراو (30000)سی هەزار دیارە وە کارا(40000)چل هەزار دینارە وە راوێژکار (50000)پەنجا هەزار دینارە .

### دەسەڵات و پلەی پارێزەرایەتی/

ئەو پارێزەرەی بۆ یەکەم جار ناوی تۆمار دەکرێت دەسـەڵاتی پـارێزەری راهێنـراوی دەبێـت واتـە راهێنـراوە ،ئـەبێت ماوەی سێ سـاڵ پـارێزەری بکـات لـە نووسـینگەی راوێـژکارێك یـان کارایـەك کـە پێـنج سـاڵ پـارێزەری کردبێـت لـە ژێـر چاودێری ئەوانـدا ئـەتوانێت داوای مـەدەنی ببینێـت کـە نرخـی داواکـە لـە(150000)سـەدوپەنجا هـەزار دینـار زۆرتـر نەبێت ،وە ئەتوانێت هەموو داوایەکی باری کەسێتی لەگەڵ استملاك ببینێـت ،وە ئـەتوانێت داوای کـەتن و لێکۆڵینـەوەی ئـەو داوایـە ببینێـت هـەتا دوا ئـەنجامی وە هـەموو مامەڵەیـەکی یاسـایی لـە بەڕێوەبەرایەتیـەکانی حکومـەتی هـەرێم

ئەتوانێت کاری تیا بکات وە لەگەڵ پارێزەرە سەرپەرشتیارەکەیدا ئەتوانێت داوای تاوان و داوای بەرایی ببینێت ئەگەر نرخەکەشی هەرچەند بێت بەڵام لێرەدا ئەبێت ئەوە بزانێت کە ئەبێت بەیەکەوە بچنە داواکانەوە نەک تەنها ناوی لە بریکار نامەکەدا بنوسرێت و تۆ بەتەنها بچیتە داواکەوە .دواتر پارێزەر کە سێ ساڵ تێپەڕی پلەکەی دەگۆردرێت بۆ کارا وە دەسەلأتەکانی هەموو دەسەلأتەکانی راهێنراو لە خۆدەگرێت وە دواتر ئەتوانێت هەموو داوایەکی تاوان و بەرایی ببینێت هەرچەند بێت نرخەکەی وە ئەتوانێت راوێژی یاسایی بدات وە ئەتوانێت ببێتە راوێژکاری یاسایی هەموو کۆمپانیایەك کە سەرمایەکەی لە (75000000) حەفتاوپێنج ملیۆنی زیاتر نەبێت ئەتوانێت رێکخەری گرێبەستی دامەزراندنی کۆمپانیای نیشتمانی بێت وە تۆماری بکات بە پێی یاسا،دواتر پارێزەرە کە سێ ساڵ تێپەڕی بەسەر کاراییەکەیدا دوای ئەوەی لێکۆلینەوەیەکی یاسایی پێشکەش بە ئەنجوومەن دەکات و سەرکەوتوو دەبێت بە راوێژکار ،دەسەلأتی ڕەها دەبێت واتە ئەتوانێت هەموو کارێك بکات واتە لەسەرو ئەوەشەوە ئەتوانێت ئامادەکردنی پرۆژەی یاسا و رێنمایی بۆ فەرمانگەکانی حکومەت لە ئەستۆ بگرێت و دەبێتە راوێژکاری هەموو کۆمپانیایەك ئەگەر سەرمایەکەی هەرچەندێك بێتوە ئەتوانێت کۆمپانیای بیانی و لقەکانی تۆمار بکات لە هەرێم وە ئەشتوانێت ببێتە راوێژکاری یاسایی فەرمانگەی حکومی یان بانك بەڵام لێرەدا کارەکەی تەنها پێشکەش کردنی راوێژی یاسایی ئەبێت بەڵام ناتوانێت داوا ببینێت بۆیان ئەگەر لەسەریان کرابێت یان خۆیان کردبێتیان ، لێرەدا ئەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە ئەمە یەکێکە لە گۆرانکاریەکانی یاسای ژمارە (6)ساڵی (2002) ئەو خزمەتەی لە دادگاکان و لە جێگرایەتی داواکاری گشتی و بەشە یاساییەکانی فەرمانگە حکومیەکان هەژماردەکرێت بۆ گۆرینی دەسەلأت و پلەی پارێزەری بەڵام ئەبێت لێرەدا ئەوە بزانیت ئەگەر ئەو خزمەتە خزمەتی دادوەری نەبێت ناتوانیت سوودی لێببینیت بۆ بوون بە جێگری داواکاری گشتی و دادوەر،هەموو گۆرانێك لە دەسەلأت بە پێشکەش کردنی داوایەك دەبێت ئەبێت بریاری ئەنجوومەنی لەسەر بێت بە پێی مەرجەکانی ئەم یاسایە ،وە ئەنجوومەن بۆی هەیە هەموو ماوەکان درێژبکاتەوە بەڵام نابێت لە سێ ساڵ زیاتر بێت بۆ هەموو قۆناغەکان ئەش بێت هۆکارەکانی دیاری کردبێت بۆ درێژدەکاتەوە بۆ ماوەی سێ ساڵی تر ،وە ئەگەر پارێزەر دوای مانگێك لە تۆمار کردنی ناوی یان وازهێنانی لای سەرپەرشتیارەکەی پارێزەری دەست نەکەوت کاری لا بکات ئەبێت لەو ماوەی مانگەدا سەندیکا ئاگاداربکاتەوە ئەو کات ماوەی خاڵی(1)لە ماددەی (16) ئەبێت بە پێنج ساڵ.

### بەشی پێنجەم/رێسا گشتیەکان و راوێژی یاسایی و ماندووبوونی پارێزەرایەتی و ئەرکەکانی پارێزەر/

تەنها ئەو پارێزەرانە ئەتوانن کاری پارێزەری بکەن کە ناویان تۆمارە لە تۆماری سەندیکای پارێزەران واتە ئەوان بەتەنها ئەتوانن ببنە بریکاری هاووڵاتی بۆ داواکانیان بێجگە لە داوای(إصلاح الزراعی)و داوای باری کەسێتی و باری شارستانی کە ئەمانە ئەتوانن هاوسەرەکانیان و وەهەروەها کەسە نزیکەکانیان تا ژمارە(2)ببنە بریکاریان لەو داوایانەدا وەهەروەها ئەوانەی وەلین یان وصین یان قیم ئەتوانن ببنە بریکاریان بۆ کارەکانیان ،هەروەها بۆ فەرمانگە حکومیەکان بەرێوەبەری دائیرە ئەتوانێت یەکێك لە فەرمانبەرە یاساییەکانی بکاتە بریکاری خۆی بۆ بینینی داواکانیان بەمەرجێك نرخی داواکە لە (3,750,000)سێ ملیۆن و حەوسەدو پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێت،بەڵام ئەگەر داواکە لە بەینی حکومەت خۆیدا بوو نرخی هەرچەند بێت فەرمانبەری یاسایی ئەتوانێت بیبینێت ،وە بۆ ئەو داوایانەی فەرمانگەکانی حکومەت تۆماری دەکەن یان لە سەریان تۆمار دەکرێت و نرخی داواکە لە (3750000)زیاتر بوو ئەوا لیژنەی تایبەت هەیە ئەو داوایانە دابەش دەکات ئەویش پێی دەوترێت (لیژنەی دابەشکردنی داوا حکومیەکان) ئەم لیژنەیە پێك هاتووە لە فەرمانبەرێکی یاسایی وەزارەتی دارایی کە نوێنەریانە بۆ ئەو لیژنەیە وە هەروەها پارێزەرێك

لە ژووری پارێزەران کە ئەبێت ئەو پارێزەرە راوێژکار بێت وە ئەوەی تریان فەرمانبەری ئەو فەرمانگەیە دەبێت کە ئەیەوێت پارێزەر بگرێت،تەنها لە رێگەی ئەمانەوە داوای حکومی دابەش دەکرێت وە هەڵبژاردنی پارێزەر بە پێی گرنگی داواکە دەبێت بە پێی زۆری دەنگەکانیان پارێزەر هەڵدەبژێرێت .پارێزەر ئەبێت رێگەی گونجاو بگرێتە بەر بۆ پارێزگاری کردنی لەبریکارەکەی وە بەرپرسیار نابێت بەرامبەر ئەو ووتانەی بریکارەکەی خۆی لەبەردەم دادگا ووتویەتی ،وەبە پێی ئەم یاسایە ئەبێت سەرجەم ئەو فەرمانگانەی پارێزەر روویان تێ دەکات بۆ رایی کردنی مامەڵەکانی رێزێکی تەواو لە پارێزەر بگرن و تا ئەو ئاستەی ئەتوانن کار ئاسانی بۆ بکەن وە بێجگە ئەو داوایانەی پێشکەشی دادگای ئەکات ئەبێت سەرجەم داواکانی تری کە پێشکەشی فەرمانگەکانی دەکات لە ماوەی (7)رۆژ وەڵام بدرێتەوە بە پێچەوانەوە ئەبێت سەندیکا لەوە ئاگادار بکاتەوە ، وە پارێزەر ئەتوانێت هەموو پەڕاوێکی لێکۆڵینەوە ببینێت پێش ئەوەی بریکارنامە بکاتەوە وە ئەشتوانێت ئامادەی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی بێت کە لەگەڵ بریکارەکەی دەکرێت.ناتوانرێت بەهیچ شێوەیەك کتێب و ئەوەی لە نووسینگەی پارێزەردا هەیە بفرۆشرێت یان حیجزی بخرێتە سەر ، وە ئەگەر فەرمانبەر پێشێلی مافەکانی بکات کە لەم یاسایەدا هەیە ئەوا تۆمەتبار دەکرێت و دادگایی دەکرێت کە سەرپێچی ئەرکەکانی خۆی کردبێت وەك فەرمانبەر ،بۆ ئەمەش لە رێگەی پێشکەش کردنی سکالاَ بە دادوەری لێکۆڵینەوە دەبێت، ئەبێت سەندیکا لەوە ئاگاداربکاتەوە ،وەهەر دەست درێژیەك کە بکرێتە سەر پارێزەر لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانی یان بەهۆیەوە ئەوا بەو تاوانە تۆمەتبار دەکرێت کە دانراوە بۆ ئەوەی دەست درێژییەی دەکرێتە دەکاتە سەر دادوەر لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانی یان بە هۆیەوە ،پارێزەری خانەنشین کراو بۆی هەیە ببێتە بریکاری هاوسەرەکەی یان یەکێك لە ئەسڵەکانی یان یەکێك لە فەرعەکانی وە ئەتوانێت ببێتە بریکاری کەسە نزیکەکانی تا ژمارە(2)بە پێی ئەو بەڵگەی وصایە یان قەیمومەیەی هەیەتی هەروەها ئەتوانێت ببێتە بریکاری ئەوانەی (وصی)یە بەسەریانەوە یان(ولی)یە.

**راوێژی یاسایی/**

ئەو پارێزەرەی ئەتوانێت کۆمپانیا دابمەزرێنێت ئەبێت بە لایەنی کەم کارا بێت هەروەها بە هەمان شێوە بۆ گرێبەستی کۆمپانیا هەموو کۆمپانیایەك کە سەرمایەکەی (37500000)سی و حەوت ملیۆن و پێنج سەد هەزار کەمتر نەبێت ئەبێت گرێبەستێك لەگەڵ پارێزەرێك یان زیاتر ببەستێت هەروەها بۆ کۆمپانیا بیانیەکان و بۆ لقەکانیان بە هەمان شێوە ئەبێت پارێزەریان هەبێت هەر کۆمپانیایەك پابەند نەبێت بەو خاڵەوە ئەوا بۆ هەر رۆژێك دواکەوتن(15000)پانزە هەزار دینار غەرامە دەکرێت ،وە پارێزەر بۆی هەیە ببێتە راوێژکاری دوو کۆمپانیای نیشتمانی و دوو کۆمپانیای بیانی .لەو کرێی راوێژکاریە (10٪)ی لێدەبردرێت بۆ سەندیکاو لە هەموو حاڵەتێکدا ئەو برە بردراوە نابێت لە (100000) سەد هەزار دینار کەمتربێت ،وە هەموو گرێبەستێك وا دائەنرێت بەستراوە دوای ئەوەی لە سەندیکا پەسەند دەکرێت.

**ماندووبوونی پارێزەرایەتی /**

هەموو پارێزەرێك دوای ئەوەی رێك دەکەوێت لەگەڵ بریگرتەکەی بۆ ئەوەی کارەکەی بۆ بکات لە نێوەندیدا رێك دەکەون لەسەر برێك پارە وەك ماندوبوونی پارێزەری وەکە پارێزەر ئەو کارەی تەواوکرد ئەوا بە تەواوی ماندووبوونەکەی دەکەوێت وە پارێزەر بۆ هەموو داوایەك نابێت ماندووبونەکەی لە (20٪)نرخی کارەکە زۆرتربێت

بێجگە داوای جەزائی وەهەروەها ئەگەر ئەو سوودەی دەست بریگرت دەکەوێت لە ئەنجامی داواکەدا ئەوا زۆرتربێت پارێزەر هەموو ئەو ماندووبوونەی دەکەوێت کە رێککەوتوون لەسەری ،وەلە داوای (إستملاك )و (ازالەشیوع)نابێت لە(10٪)ی نرخی إستملاکەو نرخی بەشەکانی داواکاری لابردنی هاوبەشی (ازالە شیوع)زیاتر بێت،وە هەر کارێکی زیایە کرا بە جیا لە رێککەوتنەکە پارێزەر ماندوو بوونی دەکەوێت ،وە ئەگەر داواکە بە رێککەوتن یان تحکم یان هەر رێگایەکی تر کۆتایی پێهات ئەوا پارێزەر هەموو ماندوو بوونەکەی دەکەوێت تەنها ئەگەر رێککەوتن هەبوو پێچەوانەی ئەوە ئەوا بە پێی رێککەوتنەکە کار دەکرێت ،وەئەگەر ماندوبوونی پارێزەر بە رێککەوتن دیاری نەکرابوو ئەوا بە ناچاری بە کرێی هاوتا دیاری دەکرێت .وە ئەگەر پارێزەر عەزل کرا لە بریکارەکە بەبێ هۆ دوای دەست کردن بە کارەکەی ئەوا هەموو ماندوبوونەکەی دەکەوێت وەك ئەوەی کارەکەی تەواو کردبێت ،وە ئەبێت ئەوە بزانیت بە دەست کردن بە کار دادەنرێت ئەگەر داواکە تۆمار کرابێت یان چووبێتە دادگاییەکەوە یان داوایەکی بۆ ئەو کێشەیە پێشکەش بە شوێنێکی باوەرپێکراو کردبوو پەیوەندی بەو داوایەوە هەبوو ،وەئەگەر دەستی بە کار نەکردبوو ئەوا کرێی هاوتاکەی دەکەوێت،ئەگەر پارێزەر خۆی لە بریکارییەکەی خست و بریکارەکەی ئاگادارکردەوە بە نووسراوی فەرمی وە یان بریکارەکەی مردوو میرات گرەکەی نەیان وویست ئەو پارێزەرە بەردەوام بێت لە کارەکانی یان پارێزەر مرد ئەوا لەم حاڵەتانەدا بەپێی ناوەرۆکی گرێبەستەکەی کرێی هاوتای دەکەوێت ،وەئەو دادگایەی ئەم کێشانەی بۆ بەرزدەکرێتەوە واتە ئەوەی پەیوەندی بە ماندووبوونی پارێزەرییەوە هەیە ئەو دادگایەیە کە نووسینگەی پارێزەرەکە ئەکەوێتە سنوورەکەیەوە یان ئەو دادگایەی پێشتر ئەو کێشەیەی بینیوە کە بریکارنامەکەی بۆ کراوە بێجگە لەو حاڵەتەی پارێزەرەکەو بریکارەکەی رێك دەکەون لەسەر ئەوەی سەندیکا ئەم کێشەیەیان بۆ یەك لا بکاتەوە وە بڕیارەکەی لەبارەیەوە بریارێکی کۆتاییە.ماندووبوونی پارێزەری مافی نایابی (حق الامتیاز)هەیە بە پلەی یەکەم لەو موڵك و ماڵەی ئەبێت بە موڵکی بریگرتەکەی لە ئەنجامی داواکە یان ئەو کارەی پێی سپێردراوە ،وەماندووبوونی پارێزەری لە بریارەکاندا مافی نایابی هەیە وە ئەبێت پارێزەر خۆی وەری بگرێت یان بریکارەکە فەرمیەکەی وە ماندووبوونی پارێزەری حجز ناکرێت تەنها بۆ قەرزی حکومەت یان نەفەقەی شەرعی نەبێت کەلەم دوو حاڵەتەدا حجز ئەکرێت وە مافی داواکردنی ماندووبوونی پارێزەری ئەگەر رێککەوتنی نووسراو نەبێت ئەوا بۆ سێ ساڵ لە رۆژی تەواوکردنی ئەو کارەی پێت سپێردرابوو ئەتوانیت داوای بکەی تەنها ئەگەر هۆیەکی مەشروعت هەبێت ،بەلاَم ئەگەر رێککەوتنی نوسراو هەبێت ئەوا بۆ ماوەی پانزە ساڵ لە رۆژی حەقی دانیەوە ئەتوانیت داوای بکەی ،پارێزەر ئەتوانێت ئەو رێککەوتنەی ئەیکات لەگەڵ بریگرتەکەی ئەتوانێت لە سەندیکا پەسەندی بکات بەرامبەر دانی رەسمی (5000)پێنج هەزار دینار وە لێرەدا پارێزەر ئەتوانێت یەکسەر ئەو رێککەوتنە لە بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردن جێبەجێ بکات بەهەمان شێوەی بریارێك کە پلەی کۆتایی وەرگرتبێت.

### ئەرکەکانی پارێزەر /

پارێزەر ئەبێت لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانیدا پەیوەست بێت بە بنەما سەرەکیەکانی پیشەکەیەوە وە کارەکەی بە پاکی و دڵسۆزی بکات ،نابێت پارێزەر ئەم کارانە بکات.

1-ناوی إعارە بکات

2-کرینی هەمووی یان بەشێك لەو مافانەی کێشەی لەسەرە وە ئەو تیایدا بریکار بووە .

3-هاوبەشی کردن بە خۆی یان بەهۆی شەریکە پارێزەرەکەی یان هەر کەسێکی تر لەو زیادکردنە ئاشکرایانەی لەبەردەم دادگا یان بەشەکانی تری دادگا ئەنجام دەدرێت و پارێزەر تیایدا بریکار بووبێت.

4-بەشێوەیەك رەفتار بکات لەگەڵ بریکارەکەی کە مانووبووونەکەی بەشێك بێت لەو مافە عەینیەی کێشەی لەسەرەو ئەو تیایدا بریکار بووە .

5-بەبێ بریکارنامە قبوڵی ئەوە بکات سندات بە ناوییەوە بێت لە پێناوی ئەوەی (ادعاء)یپێوە بکات.

پارێزەر نابێت ئەو نهێنیانەی بە هۆی کارەکەیەوە دەستی دەکەوێت هەرچەندە دوای بریکارنامەکەشی بێت بیخاتە ڕوو تەنها ئەگەر ببێتە هۆی ئەوەی تاوانێك ڕوونەدات یان لە بەردەم دەسەڵاتداران بیخاتە روو هەروەها پارێزەر نابێت شایەتی بدات لە داوایەکدا یان راوێژ بدات تەنها ئەگەر داوای لێبکرێت لەلایەن دادگاوە وە رەزامەندی بریکارەکەی لەسەربێت.وە پارێزەر نابێت شایەتی بدات دژی بریکارەکەی لەو داوایەی بریکار بووە تیایدا هەتا ئەگەر دوای عەزەل کردنیشی لە بریکارنامەکە هەروەها پارێزەر نابێت ببێتە بریکاری ڕکەبەری (خصم) بریکارەکەی لە کاتی داواکەدا وەهەروەها نابێت ڕاوێژ بدات بە رکەبەری بریکارەکەی لەو داوایەدا وە هەر داوایەکی تر کە پەیوەندی بەو داوایەوە هەبێت هەتا دوای عەزەل کردنیشی لە بریکارنامەکەدا، لە هەموو حاڵەتێکدا نابێت پارێزەر دوو بەرژەوەندی دژ بەیەك کۆبکاتەوە لە خۆیدا لەیەك کاتدا وە ئەمەش بەسەر هەموو ئەو پارێزەرانەدا جێبەجێ دەبێت کە نووسینگەی ئەو پارێزەرە کاردەکەن ،وە پارێزەر نابێت ببێتە هاوکاری ئەو پارێزەرەی ناوی دوورخراوەتەوە لە تۆماری پارێزەران لە کارێك کە کاری پارێزەری بێت .پارێزەر ئەبێت بەرامبەر دادگا رەفتاری گونجاو رێزداربێت وە دووربکەوێتەوە لە هەموو ئەو شتانەی کار دەکەنە سەر یەکلایی کردنەوەی داواکەی یان دادپەروەری تێك بدات و چەواشەی بکات .پارێزەر ئەبێت دووربکەوێتەوە لە هەموو ئەو کارانەی ئەبێتە هۆی ئەوەی کار لە ناو ناوبانگی پارێزەران بکات ،وە پارێزەر ئەبێت ملکەچی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەندیکاو لیژانەکانی بێت وەئەگەر بیەوێت ببێتە بریکاری ئەکێك پێشتر بریکاری تری هەبێت ئەبێت ئەو پارێزەرە هاورێ کەی لەوە ئاگادار بکاتەوە ،وە بریکار ناتوانێت دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر کۆتایی هاتنی کارەکەی داوای پەڕاوەکانی لە پارێزەر بکات بەڵام ئەگەر ئاگاداری کردبوو بە شێوەیەکی فەرمی ئەوا لەو بەرواری ئاگادارکردنەوە (5)ساڵەکە حساب دەکرێت .

**بەشی شەشەم/ پێکهاتەکانی سەندیکای پارێزەران :**

سەندیکای پارێزەران رێکخراوێکی پیشەیی دیموکراسی سەربەخۆیە پارێزەرە تۆمارکراوەکان لە خۆ دەگرێت وە کەسێتی مەعنەوی هەیە وە ئۆفیسی سەرەکی لە هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێت.

سەندیکا ئەنجومەنێك نوێنەرایەتی دەکات وەنەقیبێك سەرۆکایەتی دەکات و کاتی ئامادە نەبوونی بریکارەکەی وەلقی هەیە لە پارێزگاکانی هەرێم وە ئەندامەکانیان بەو رێگایانەی لەم یاسایەدا دیاری کراوە هەڵدەبژێرێت ،وەلە سەرەتادا باسی ئامانجەکانی ئەم یاسایەمان کرد وە زیاتریش لەوە ئەم سەندیکایە کار بۆ ئەوە دەکات خزمەتگوزاری پێشکەش بکات لە ڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و گەرەنتی ژیانی خۆیان ئەندامانی خێزانیان دەکات بە شێوەیەك ژیانێکی باشیان هەبێت ،وەهەوڵ دەدات هاوکاری سەندیکاکانی تر بێت بۆ ئەوەی ئامانجە پیشەییەکان بەدەست بهێنێت هەورەها هاوکاری تەنسیق دەکات لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری هەرێم و مەرکەز و دەزگاکانی وولاتانی تر بۆ ئەوەی ببێتە گەرەنتی دادپەروەری و سەروەری یاسا.

**بەشی حەوتەم/دەستەی گشتی پارێزەران:**

دەستەی گشتی پێك دێت لە سەرجەم ئەو پارێزەرانەی ناویان تۆمارە لە تۆماری پارێزەران و هەستاون بە دانی هاوبەشی ساڵانە کە پێویست بووە بدرێت. وە دەستەی گشتی لەبەرواری هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ یەك جار کۆدەبێتەوە،وە ئەو کۆبوونەوەیە ڕێژەی یاسایی خۆی تەواو دەکات بە ئامادەبوونی زۆرینەی موتڵەقی ئەندامان وە ئەگەر ئەو ڕێژەیە تەواو نەبوو ئەوا دوادەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر بە ئامادەبوونی 4/1 ی ئەندامان ڕێژەکە یاسایی دەبێت وە ئەگەر ئەو ڕێژەیە ئامادە نەبوو ئەوا ئەو ئەنجوومەنە دەورەیەکی تر بەردەوام دەبێت ،وە ئەم دەستەیە ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:

1-گفتوگۆکردن لەسەر کارەکانی ئەنجومەنی سەندیکا وە پەسەندکردن وإقرار کردنی حساباتی کۆتایی میزانیەی پێشوو وإقرار کردنی میزانیەی نوێ کە ئەنجوومەن ئامادەی دەکات بۆ سێ ساڵی داهاتوو.

2-سەیرکردنی کاروباری پارێزەران کە ئامادەکراوە لە نەخشەی کارەکانی دەستەی گشتی وە دەرکردنی بڕیار لەسەر ئەو پێشنیارانەی پێشکەشی کراوەو پەیوەندیان بە کاروباری پارێزەرەوە هەیە.

3-دیاریکردنی ڕەسمەکان و هاوبەشیەکانی و غەرامەکانی سەندیکا وە سندوقی خانەنشیی.

4-هەڵبژاردنی نەقیب و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا و ئەندامە یەدەکەکان.

5-بریارەکانی دەستەی گشتی ئیلزامیە و ئەبێ جێبەجێ بکرێت وە دەردەکرێت بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی ئامادەبوو.

وە دەستەی گشتی بەشێوەیەکی نائاسایی کۆدەبێتەوە لە سەنتەری سەندیکا لەسەر داوای (3/2)ی ئەندامانی ئەنجوومەن یان(3/1)پارێزەری تۆمارکراو،وە لەم حاڵەتەدا ڕێژەی یاسایی بەلایەنی کەم بە ئامادەبوونی ئەندامانی تۆمارکراو پێك دێت وە ئەگەر ئەو ژمارەیە ئامادە نەبوو ئەوا کۆبوونەوەکە دوادەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر وە ئەگەر ئەوە نەتوانرا بکرێت کۆبوونەوەکە هەڵدەوەشێتەوە ،وە لێرەدا تەنها گفتوگۆ لەسەر ئەو بوارانە دەکرێت کە کۆبوونەوە نائاساییەکەی بۆ داواکراوە واتە غەیری ئەوە نابێت باسی هیچ شتێکی تر بکرێت،وە ئەنجوومەن لە نەقیب و (10)دە ئەندامی سەرەکی (3)سێ ئەندامی یەدەك پێك دێت وە ئەو پارێزەرەی ئەیەوێت خۆی هەڵبژێرێت بۆ نەقیبی ئەبێت ئەم مەرجانەی تێدا بێت:-

أ-ئەبێت راوێژکار بێت و کاری پارێزەری کردبێت بە شێوەیەکی بەردەوام یان پچرپچر بۆ ماوەی (10)ساڵ بەرەو ژوورتر.

ب-وە سزا نەدرابێت بە سزایەکی ئینزیباتی.

وە ئەو پارێزەرەی ئەیەوێت خۆی هەڵبژێرێت بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی سەندیکا ئەبێت ئەم مەرجانەی تێدا بێت:-

1-ئەبێت ڕاوێژکار بێت و کاری پارێزەری کردبێت بە شێوەیەکی بەردەوام یان پچرپچر بۆ ماوەی (7)حەوت ساڵ و بەرەو ژوورتر.

2-وە سزا نەدرابێت بە سزایەکی ئینزیباتی ڕێگری لێ کرابێت لە کردنی کاری پارێزەری.

وە ئەنجوومەن لەیەکەم دانیشتندا بریکاری نەقیب و سکرتێرو خەزنەدار هەڵدەبژێرێت و دەسەڵات و تایبەتمەندی کارەکانیان بە پێی ئەم یاسایە و ڕێنماییەکانی دەردەچێت دیاری دەکات.وە ئەنجوومەن(15)ڕۆژ جارێك کۆبوونەوەی

ئاسایی خۆی دەبەستێت ،وە ئەتوانێت لەسەر داوای نەقیب یان بەلایەنی کەم لەسەر داوای (3)سێ لە ئەندامانی ئەنجوومەن کۆبوونەوە نائاسایی ببەستێت وە تەنها باسی ئەو حاڵەتە دەکرێت کە کۆبوونەوە نائاساییەکەی بۆ دەبەسترێت ،وە ئەنجوومەن کۆبوونەوەی ئاسایی و نائاسایی خۆی بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی دەبەستێت ئەگەر نەقیب یان بریکارەکەی لەوێ نەبوون ئەوا ئەو ئەندامەی گەورەترینیانە لە ڕووی تەمەنەوە سەرۆکایەتی ئەو کۆبوونەوەیەی ئەنجوومەن دەکات وە بریارەکانیان بە زۆرینەی دەنگ دەبێت و وە ئەگەر یەکسان بوو ئەوا ئەو لایە هەڵدەبژێردرێت کە نەقیب یان نوێنەرەکەی ئەوی تێدایە و بریارەکانیان الزامیە ئەبێت جێبەجێ بکرێت.

**نەقیبی پارێزەران/**

نەقیب نوێنەرایەتی سەندیکا دەکات لەبەردەم دەسەڵاتی دادوەری و گشت دەسەڵات و دەزگاکانی تردا وە ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:-

1-سەرۆکاری کردنی واتە سەرۆکایەتی کردنی ئەنجوومەنی سەندیکا.

2-جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارو پێشنیارانەی دەستەی گشتی پارێزەران إقراری کردووە هەروەها ئەنجوومەنی سەندیکاش.

3-بەستنی ئەو گرێبەستانەی ئەنجوومەن ڕەزامەندی لەسەر نواندووە.

4-ئامادەبوون لە دادگا بە ناوی سەندیکاوە ئەتوانێت یەکێکی تر وەك نوێنەری خۆی دابنێت لە ئەندامانی ئەنجوومەن یان هەر پارێزەرێکی تر بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. وە بریکاری نەقیب لە کاتی ئامادەنەبوونی نەقیب سەرجەم دەسەڵاتەکانی ئەو ئەتوانێت پیادە بکات وە نەقیب خۆی ئەتوانێت هەندێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی بدات بە بریکارەکەی.

**ئەنجوومەنی سەندیکا ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:-**

1-دامەزراندنی فەرمانبەر و کارگوزارو دیاری کردنی مووچەکانیان و رێکخستنی کاروباری خزمەتیان بەپێی ئەو رێنماییانەی ئەنجوومەن دەری دەکات.

2-ئامادەکردنی پاکتاوی ژمێریاری سەندیکا بۆ ساڵی دارایی ڕابردوو وە دانانی میزانیەی نوێ بۆ سێ ساڵی داهاتوو بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەست دەستەی گشتی بۆ پەسەند کردنیان.

3-سەرپەرشتی کردنی لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکان و ژوورەکانی پارێزەران لە قەزاو ناحیەکان.

4-دامەزراندی ژووری پارێزەران.

5-دامەزراندنی یانەی پارێزەران بە پێی یاسای کۆمەڵەکان و پەیڕەوی ناوخۆیی سەندیکا وە سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی یانە.

6-دامەزراندنی لیژنەکانی ئەم یاسایە ئاماژەی بۆ کردوون ودیاری کردنی دەسەڵات بۆ یان وە هەموو ئەو لیژنانەی پێویست دەکات دابمەزرێن.

7-جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی وە بە دواداچوونی پێشنیارەکانی .

8-هەواڵەکردنی سکاڵاکان بۆ لیژنەی سکالاَ ئەگەر سزاکانیان لە پسپۆڕی ئەودا نەبوو.

ئەگەر نەقیب خاڵێك لە خاڵەکانی ئەندام بوونی لە دەستدا یان ئەگەر شوێنەکەی چۆڵ بوو بە هەر هۆیەك بێت بریکارەکەی جێی دەگرێتەوە بۆ ئەو ماوەیەی ماوەتەوە ئەگەر لە ساڵێك کەمتر بوو .وە ئەنجوومەنی سەندیکا داوای

دەستەی گشتی دەکات بۆ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لە ماوەی (15)پانزە ڕۆژدا بۆ هەڵبـژاردنی نـەقیب بـۆ ئـەو ماوەیـەی ماوە لە ماوەی سەرۆکایەتی کردن،وەئەگەر یەکێك لە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا سەرەکین مـەرجێکی بـە ئەنـدام بوونی لەدەستدا ئەوا یەکێك لە ئەندامە یەدەکەکان جێگەی دەگرێتەوە کە زۆرترین دەنگی بەدەست هێنـاوە.وە ئەگـەر شوێنی زۆرینـەی ئەنـدامانی ئەنجوومـەن چۆڵ بـوو بـە هـۆی دەسـت لـە کارکێشانەوە یـان هـەر هۆیـەکی تـر بێـت ئـەوا لیژنەیەك دروست دەکرێت کە ژمارەیان پێنج ئەندامە،دەسەلاَتی دادوەری دایان دەمەزرێنن بەسەرۆکایەتی دادوەرێك لە پلەی یەکەم وە ئەندامێتی چوار پارێزەری راوێژکار کاروباری سەندیکا دەبەن بە ڕێـوە وە داوادەکـەن دەسـتەی گشـتی لـە ماوەی (30)ڕۆژ کۆببێتەوە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەن و نەقیب و بۆ دەورەی نوێ.

## لیژنەی سکالاَ/

لیژنەی سکالاَ پێك دێت لە پێنج ئەندام لە پارێزەرە و راوێژکارەکان سیانیان ئەندامی سەرەکین و دووانیان یـەدەکن ئەنجوومـەنی سـەندیکا هـەڵیان دەبـژێرێت وە ئـەبێت سـەرۆکەکەیان ئەنـدامێکی ئەنجوومـەن بێـت ئەگـەر پـارێزەر پێچەوانەی ئەرکەکانی پیشەیی پارێزەری ڕەفتـاری کـرد یـان کـارێکی کـرد بـووە نـاو زڕانـدنی پـارێزەران یـان سەرپێچی بڕگەیەکی ئەم یاسایەی کرد ئەوا سزادەدرێت بەپێی ئەم یاسایە.

زیاتر لەوانەی ئەم یاسایە ئاماژەی بۆ کردووە ئەم ڕەفتارانە دادەنرێت بەوەی پارێزەر پێچـەوانەی ئـەرکی پـارێزەری ڕەفتاری کردووە ئەوانیش :-

1/زەرەرگەیاندن بە شێوەیەکی ئەنقەست بەبریکارەکەی یان ناوزڕاندنی یان بـەکارهێنانی بریکارییەکـەی بـۆ سـودی خۆی.

2/فێڵ لێکردن و هەڵخەڵەتاندنی بریکارەکەی.

3/ببێتە بریکاری رکەبەرەکەی (خصم)وە راوێژی یاسایی پێشکەش بکات.

4/دەلاَلی هەبێت بۆ راکێشانی خاوەن داواکان بۆ لای خۆی.

5/ساختەکردن لە سەنەدە یاسایەکان و پێشکەش کردنیان بۆ دادگاو شوێنە فەرمیەکان.

6/لە خشتەبردنی دادگا بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان.

7/ڕەفتار بکەیت وەك ئەوەی نەقیب بیت یان یەکێك لە ئەندامانی ئەنجوومەن.

8/سەرپێچی کردنی فەرمان و ڕێنماییەکانی ئەنجوومەنی سـەندیکا وە یـان هـی هـەر لیژنـەیـەك لـە لیژنـەکانی پێـك هاتوو بە پێی ئەم یاسایە.

9/سزادانی بە تاوانێکی ئەنقەست رامیاری نەبێت یان کەتنێك شەرەف بروشێنێ.

10/هەڕەشـەکردن و زۆرلێکـردن بـەکاربهێنێت بـۆ راکێشـانی خـاوەن داواکـان وە ناوبـانگی لـە ڕووی رامیـاری و کۆمەلاَیەتیەوە بەکاربهێنێت بۆ ئەوە.

لیژنەی سکالاَ بۆی هەیە ئەم سزایانە بەسەر پارێزەری سەرپێچی کەردا بسەپێنێت:-

1-ئاگادارکردن/بە نووسراوێکی فەرمی ئاڕاستەی پـارێزەر دەکرێـت ئاگـادار دەکرێـت لـەو کـارەی کردوویـەتی و داوای لێدەکرێت دووبارەی نەکاتەوە.

2-ئینزارکردن /بە نووسراوێکی فەرمی ئاراستەی پارێزەر دەکرێت ئەو کارەی کردوویەتی پێویستی بە ئینزارکردن بووە بۆی ڕوون دەکرێتەوە تیایدا و داوای لێدەکرێت دووبارەی نەکاتەوە وە غەرامە دەکرێت بەرێژەیەك کە نابێت لە(250)دینار کەمتر بێت لە(2000)زیاتر بێت دەچێتە صندوقی سەندیکا.

3-ڕێگرتن لە کردنی کاری پارێزەر بۆ ماوەیەك کە نابێت لە شەش مانگ کەمتر بێت و نابێت لە دوو ساڵ زیاتر بێت لە ڕۆژی ئاگادارکردنی پارێزەر بەو بڕیارە کۆتاییەی لە دژی دەرچووە.

4-سڕینەوەی ناوی پارێزەر لە تۆماری پارێزەران وە دەرکردنی لە ئەندامێتی سەندیکا وە بێ بەشکردنی لە کردنی کاری پارێزەری لە ڕۆژی ئاگادارکردنی بەو بڕیارەی لە دژی دەرچوەو پلەی کۆتایی وەرگرتووە.

ناوی پارێزەر بە شێوەیەکی هەتا هەتایی ئەسڕێتەوە لەم حاڵەتانەدا:-

1/کارێکی تر بکات شایەنی سزا بێت لە ماوەی دوو ساڵ لەبەرواری کۆتایی هاتنی سزای ڕێگرتن لە کاری پارێزەری(منع).

2/سزا بدرێت لە یەکێك لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان بە تاوانی خیانەت لە نیشتمان .

3/سزا بدرێت بە تاوانێك یان کەتنێکی شەرەف روشێنەر.

4/لە کاتی دووبارە بوونەوەی سزاکە بۆ جاری سێیەم.

ئەو ماوەیەی پارێزەر ڕێگری لێدەکرێت لە کردنی کارەکەی بۆی هەژمارناکرێت وەك خزمەت.

وەسکالاَ بە شێوەیەکی نووسراو ئاراستە دەکرێت لەلایەن نەقیب یان سەرۆکی داواکاری گشتی و دادگا و لایەنێکی فەرمی و یان بریکار،لیژنەی سکالاَ سەیری سکالاَکان دەکات وە یەك لایی دەکاتەوە لە ژێر ڕۆشنایی ئەحکامەکانی یاسای(أصول المحاکمات الجزائیه)بێجگە لەو حاڵەتانەی دژی ئەم یاسایەن ،بێجگە لەو حاڵەتانەی باسکراون ئەنجوومەنی سەندیکا بۆی هەیە ڕێگری لە پارێزەر بکات لە کردنی کارەکەی بۆ ماوەی شەش مانگ کەمتر یان سزای سەرنج ڕاکێشانی ئاراستە بکات لەم حاڵەتانەدا:

1-ئەگەر بەبێ هۆ ئامادە نەبوو لەبەردەم ئەنجومەن یان نەقیب.

2-ئەگەر کارەکانی بە ئاراستەیەك پیادە بکات پێچەوانەی تەقالیدی پیشەکە بێت.

3-ئەگەر ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە هاورێ پارێزەرەکانی یان ئەوەی هەڵدەسێت بە خزمەتێك لە پێناوی گشتدا.

4-ئەگەر زانیاری ناراستی دابە سەندیکا پێچەوانەی یاسا جێبەجێ کراوەکان.

5-ئەگەر نهێنیەکانی سەندیکای ئاشکرا کرد کە بە هۆی کارەکەیەوە زانیاری لەسەر وەرگرتبوو.

ئەم سزایانە بە نووسراوێکی فەرمی ئاراستەی پارێزەر دەکرێت و ئاشکرا دەکرێت بەو ڕێگایانەی کاری پێدەکرێت لە سەندیکا بڕیارەکانی لیژنەی سکالاَ شیاوی پیاچوونەوەیە لەلایەن دادگای تەمیزی هەرێم کە ماوەی(30)ڕۆژ لە ئاگادارکردنی پارێزەر بە بڕیارەکە وە بریاری دادگا کۆتاییەو هەڵدەواسرێت لە سەندیکاو ژووری پارێزەران.

### بەشی هەشتەم/لقی سەندیکا لە پارێزگاکان:

لقی سەندیکا دادەمەزرێت لە هەموو پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێم پێك دێت لە (3)ئەندامی سەرەکی و دوو ئەندامی یەدەك لە پارێزەرە راوێژکارەکان هەڵدەبژێرێن لەلایەن پارێزەرانی دانیشتوانی پارێزگاکان،وە ئەوەی زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنێت ئەبێت بە سەرۆکی لق،نابێت بەئەندام لە لق یەکێك ئەگەر سزا درابوو بە سزای راگرتن لە

کردنی کاری پارێزەری ،ئەگەر شوێنی سەرۆکی لق یان دوو ئەندامی چۆڵ بوو ئەوا داوای هەڵبژاردن دەکرێت بەسەر پەرشتی دوو ئەندامی ئەنجوومەن.

**بەشی نۆیەم/دارایی سەندیکا:**

وەك هەموو لایەك دەزانێت ئەبێت هەموو سەندیکایەك دارایی خۆی هەبێت بۆ ئەوەی ئیش و کارەکانی خۆی ئەنجام بدات بە شێوەی پێویست بەو پێیە سەندیکای پارێزەرانیش چەندین سەرچاوەی هەیە بۆ کۆکردنەوەی دارایی کە پێك هاتووە لە:-

1-ئەو ڕێژە پارەیەی کە دەدرێت لە کاتی بەئەندام بوون لە سەندیکا.

2-ئەو هاوبەشی ساڵانەیەی هەموو پارێزەرێك دەیدات بە سەندیکا.

3-پارەی گۆڕینی دەسەڵات و پلەی پارێزەری.

4-قازانجی چاپکراوەکانی سەندیکا.

5-کرێی ئەو موڵکانەی سەندیکا بە کرێی داوون.

6-کرێی پێدانی استشهاد و پەسەندکردنی کەفیلی.

7-ئەو ڕێژە پارەیەی دەبڕدرێت لە پارەی ماندوبوونی پارێزەر یان کرێی مانگانەی یان ساڵانەی لەوانەی ئەبنە راوێژکاری کۆمپانیاو کەسە سروشتی و مەعنەویەکان کە ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

8-ئەو غەرامانەی لە کۆمپانیاو بەڵێندەران دەسەندرێت لەبری ڕاوێژکاری یاسایی بۆ خۆیان دیاری ناکەن دای نەمەزرێنن لای خۆیان .

9-هەموو ئەو ڕێژە پارانەی سەندیکا وەری دەگرێت بەپێی ئەم یاسایە .

10-ئەو غەرامانەی لە پارێزەر وەردەگیرێت بەپێی ئەم یاسایە.

11-ئەو یارمەتیانەی دەوڵەت پێشکەشی دەکات بۆ سەندیکا.

12-ئەو دیاری و بەخشینانەی دەدرێت بە سەندیکا بە ڕەزامەندی دەسەڵاتداران .

ساڵی دارایی سەندیکا لە یەکەم ڕۆژی مانگی کانونی دووەمی هەموو ساڵێك دەست پێدەکات.

ئەنجومەن بەرپرسیارە لە دارایی سەندیکا لە ڕووی وەرگرتن و پاراستن و سەرف کردن بە پێی ماددەو برگەکانی میزانیەی سەندیکا ساڵانە ژمێریاری سەندیکا لەلایەن چاودێری دارایی لە هەرێم ووردبینی دەکرێت ،وە ئەنجوومەن ئەتوانێت بەپێی پێویست گواستنەوە لە برگەو ماددەکانی میزانیە بکات ،وە ئەنجوومەن ئەتوانێت لە کاتی پێویستدا قەرز لە دەزگا داراییە فەرمیەکان وەربگرێت بە قازانج یان بەبێ قازانج.ناتوانرێت موڵك و ماڵی سەندیکا بفرۆشرێت تەنها بە ڕەزامەندی دەستەی گشتی نەبێت بێجگە لەمە ئەنجوومەن ئەتوانێت هەڵسوکەوت بە دارایی سەندیکا بکات بەپێی بڕیارو میزانیە ئەگەر دەستەی گشتی نەیتوانی کۆببێتەوەو میزانیە پەسەند بکات ئەوا وەرگرتن و سەرف کردنی پارەی سەندیکا بەپێی میزانیەی پێشوو دەبێت تا ئەو کاتەی کۆدەبێتەوەو پەسەندی میزانیە دەکات،پارەو سەنەداتی سەندیکا بە ناوی سەندیکاوە لە بانکێك دادەنرێت ،وە نەقیب و خەزنەدار بەیەکەوە یان جێگرەکانیان بە بڕیاری ئەنجوومەن واژوو لەسەر فەرمانی دانان و سەرف کردنی پارەی سەندیکا دەکەن،وە ئەگەر سەندیکا هەڵوەشایەوە

لەبەرهەر هۆیەك بێت ئەوا پارەو موڵکەکانی ئەبێت بە موڵکی صندوقی خانەنشینی پارێزەران وە لیژنەیەك بەرێوەی دەبات ئەندامانی لەلایەن دەسەلاتی دادوەریەوە دیاری دەکرێت.

**بەشی دەیەم/ بڕیارە کۆتاییەکان:-**

یەکێك لە بڕگە کۆتاییەکان ئەوەیە وەزیری دارایی رێنمایی پێویست دەربکات بۆ وەرگرتنی ماندوبوونی پارێزەری لەو داراییانەی پارێزەر دەبێتە بریکاری فەرمانگەیەك یان دەزگایەکی حکومی بەپێی رێژە دیاریکراوکانی ئەم یاسایە لەو پێناوەدا وە وزارەتی دارایی و ئابووری/بەرێوەبەراییەتی گشتی دارایی دوو رێنمایی بە ژمارەکانی 15995لە2005/10/11وە 459لە 2006/1/16 پەیوەست بەو بوارە دەرکردووە وە تیایدا بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا هەموو لایەنەکانی دیاری کردووە و ماندوبوونی پارێزەری بە رێژەی 10٪ی بەهای داواکە دیاری کردووە کە لە هەموو حاڵەتێکدا نابێت لە (750000)حەوسەدوپەنجا هەزار دینار زیاتر بێت،هەروەها ئەنجوومەنی راسپاردوە رێنمایی دەربکات بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە و هەروەها ئەنجوومەنی راسپاردووە پەیرەوی ناوخۆ بۆ سەندیکا دەربکات بۆ رێکخستنی کاروباری سەندیکا.

**قواعد السلوك المهني/**

بنەماکانی پیادەکردنی پیشەی پارێزەری وەك لە سەرەتادا ئاماژەم بۆ کرد بەدەر لە بڕگەکانی یاسای پارێزەری ژمارە(17)ی ساڵی1999 هەموارکراو کۆمەڵێك بنەما هەیە کە پێویست دەکات لەسەر پارێزەر پابەندیان بێت تا بتوانێت بە شێوەیەکی باش و گونجاو کارەکانی رابپەڕێنێت ئەو بنەمایانەش لەمانەی لای خوارەوە پێك هاتووە:

یەکەم/پەیوەست بوونی پارێزەر بە سوێنەدەکەیەوە :-

واتە پارێزەر هەمیشە ئەبێت سوێندەکەی لە یاد بێت و کارەکەی بە ئەمانەت و رێزەوە ئەنجام بدات و رێزی یاسا بگرێت و نهێنیەکانی پیشەکەی بپارێزێت و پەیوەست بێت بە تەقالیدو ئادابی پیشەکەوە وە وا خۆی دەربخات شایانی رێزی پیشەکەو ناوبانگی بێت ،واتە لەکاتی ئەنجامدانی کاری پارێزەری ئەمانە زۆر پێویستن.

**دووەم/ نووسینگەی پارێزەر :-**

ئەبێت هەموو پارێزەرێك دەسەلات رەها نووسینگەیەکی گونجاوی هەبێت ،وە لەسەر داوای پارێزەر بە رەزامەندی ئەنجومەن پارێزەر ئەتوانێت بەشێك لە ماڵەکەی خۆی بەکاربهێنێت بۆ نووسینگە وە پارێزەر ناونیشانی نووسینگەکەی کە تۆمارە لە سەندیکا شوێنی یاساییە بۆ پێراگەیاندن وە ئەگەر ناونیشانی نوسینگە یان ناونیشانی خۆی گۆڕی ئەبێت سەندیکا ئاگادار بکات بە نووسراوێکی فەرمی خۆی ،وە نابێت پارێزەر دادگا یان ژووری پارێزەران بەکاربهێنێت بۆ بوونە بریکاری هاووڵاتی تەنها لە حاڵەتی پێویستیدا نەبێت ،وەنابیت پارێزەر بچێت بۆ ماڵ یان شوێنی کاری هاووڵاتی بۆ بوونە بریکاری یان ڕاوێژ پێدانی تەنها کۆمپانیاو کەسە مەعنەویەکانی تر نەبێت کە بۆتە راوێژکاریان.

**سێیەم/ئەرکەکانی پارێزەر بەرامبەر سەندیکاکەی:-**

ڕەوشتی پەسەند بێت وە گوێڕایەڵی بریارو رێنماییەکانی بێت و ئامادەی سەندیکا بێت کە داوای لێکراوە وەلامی نووسراوەکانیان لە ماوەی پێویستدا بداتەوە وە ئەوەی لە سەندیکاوە پێ دەسپێردرێت ئەبێت بە گیانی هاوکاری و رێك و پێك ئەنجامی بدات،وە پارێزەر بەرپرسیارێتی دەبێت بەرامبەر کەمتەرخەمی پیشەیی یان سەرپێچی ئەرك و تەقالیدی پیشەکەی وە بە کەمتەرخەمی پیشەیی دادەنرێت ئەگەر پارێزەر رێز لە ماف و ئەرکی هاوولاتی بوون نەگرێت وە کەم تەرخەم بێت بەرامبەر پاکی و راستگۆیی کاری پارێزەری یان هەر کارێکی تر بێ ئاگا بوونێکی بێ ئەندازە بە یاساو رێنماییەکان بە شێوەیەك ببێتە زیان گەیاندن بە شێوەیەکی مادی و مەعنەوی بە بریکارەکەی ،یان سەرپێچی هەر ئەرکێك بکات کە بەپێی یاسای پارێزەرایەتی و رێنماییەکانی و ئادابی پیشەکەو تەقالیدەکانی بەرپرسیارێتی یاسایی و رەوشتی بۆ دروست بکەن ،یان هەڵئەستێت بە جێبەجێکردنی بریارەکانی لیژنەی سکالاً دوای دەرچونیان .

**چوارەم/ئەرکەکانی پارێزەر بەرامبەر دەسەلاًتی دادوەری:-**

ئەبێت پارێزەر بەرامبەر دادگا بەشێوەیەك رەفتار بکات رێزو گەورەیی دادوەر لەبەرچاوبگرێت و وە ئەبێت لە هەموو رەفتارێك دوور بکەوێتەوە کە زەرەر بە رەوتی دادگا بگەیەنێت و نابێت ببێتە هۆی دواخستنی یەکلایی کردنەوەی داواکان وە کاری پیشەیی دادوەرو پارێزەر هەردووکیان بەیەکەوە و رێزگرتن لە یەکتر تاکە بنەمایە بۆ کارکردن ویارمەتی دانی یەکتری بەیەکەوە وەلەو پێناوەدا ئەبێت پارێزەر پەیوەندی بەدادوەرەوە نەکات لە دەرەوەی دادگاو گفتوگۆی لەگەڵ نەکات لەسەر داوایەك کە لە بەردەمیدا بێت وە نابێت هیچ کارێك بکات ببێتە هۆی ئەوەی کار لە بێلایەنی دادگا بکات وە ئەبێت هەوڵ بدات ئەو ناکۆکیەی لەگەڵ دادوەر هەیەتی بە شێوەیەکی ئاشتایانە چارەسەری بکات وەئەگەر نەکرا ئەبێت نەقیبی سەندیکای لێ ئاگاداربکرێتەوە.

**پێنجەم/ئەرکەکانی پارێزەر بەرامبەر هاورێ پارێزەرەکانی:-**

ئەبێت پارێزەران لە نێوان خۆیاندا پابەندی ئاداب و تەقالیدی پیشەیی پارێزەری بن وە ئەرکەکانی هاورێیەتی جێبەجێ بکەن نابێت ئەو دژایەتیەی لە نێوان بریکارەکاندا هەیە کار لە پەیوەندی پارێزەرەکان بکات لەگەڵ خۆیانداو لەگەڵ بریکاری ڕکەبەریشدا ،وەنابێت باسی ڕەوشتی کەسی یەکتر بکەن و ووشەی ناشرین بەیەکتر بڵێن و گفتوگۆی نایاسایی بکەن وە ئەبێت یارمەتی دەری یەکتربن لەکاتی بینینی داوا لە نێوانیاندا بەشێوەیەك هەموو لایەنەکانی داواکە بگرێتەوە ئەو یارمەتی دانە هەتا لە رێیەوە بە ئاسانی ڕەوتی دادگایی فەراهەم بکرێت و زوو داواکە یەکلایی بکرێتەوە ،وەئەبێت پارێزەر ناوی پارێزەری بریکاری ڕکابەری بریکارەکەی لەسەر ئەو داوایانەی پێشکەشی دادگای دەکات بنوسێت وە وێنەیەکی بداتێ ئەگەر لێی ئاگادار نەبوو وە بۆ پارێزەر نیە داوای دواخستنی داوا بکات تەنها بە هۆیەکی دروست نەبێت وە ئەبێت پێش وەخت پارێزەری هاورێی لەو داوایەدا ئاگادار بکاتەوە هەتا نەبێتە کارێکی سەرسام کەری بەرامبەر،وەپێشبرکێ کردنی یەکتری بەشێوەیەکی نامەشروع رێگە پێنەدراوە لە ڕووی پیشەیی و ڕەوشتیەوە،نابێت پارێزەر ببێتە بریکاری ئەو خاوەن داوایانەی بریکاریان هەیە یان ڕاوێژی یاساییان پێشکەش بکات بەلاًم ئەتوانێت لە تەنیشت پارێزەرە هاورێکەی وە بە ڕەزامەندی ئەو ئەویش ببێتە بریکاری یان ئەگەر عەزل کرابێت

یـان خـۆی خـۆی عـەزل کردبێت،لـە هـەموو حاڵەتێکـدا نابێـت پـارێزەر لەبەرچـاوی رکەبەرەکەیـدا ناوبـانگی زانسـتی و پیشەیی هاوڕێکەی لەکەدار بکات .

**شەشەم/پەیوەندی لە نێوان پارێزەرانی بریکاری یەك داوادا:-**

ئەگەر چەند پارێزەرێك هـەبوو لـە داوایەکدا وە بریکـاری یـەکێك بـوون یـان زیـاتر ئـەبێت بـە ڕاوێـژ و گفتوگـۆ لـە نێوانیاندا ڕوونووس و دەفعەکانیان ئامادە بکەن ،وەئەگەر رای جیاوازیان هـەبوو لەسـەر خاڵێـك یـان بڕگەیـەکی یاسایی ئەبێت هەموو هەوڵێك بدەن بۆ یەکخستنی راکانیان بۆ پارێزگاری کردن لە بریکارەکەیان،وەئـەبێت لـە داوای جەزائیـدا تەنها بەرگری لە بریکارەکەی خۆی بکات.

**حەوتەم/ئەرکی پارێزەر لە دوورکەوتنەوە لە دانووستان لەگەڵ رکەبەری(خصم)بریکارەکەی:-**

نابێت پارێزەر ڕێککەوتن بکات لەگەڵ رکەبەر تەنها لەرێگەی پارێزەرەکەیەوە نەبێت ئەگەر هەی بوو،وە ئەگەر نەی بوو نابێت هیچ ڕێککەوتنێك بکرێت بە ئامادەبوونی هەموو لایەنەکان نەبێت.

**هەشتەم/تانەدان لە بڕیارەکان:-**

نابێت تانە بدرێت یان دەست درێژی بکرێت بۆ هیچ بریارێکی دادگا ئەگەر پلەی کۆتایی وەرنەگرتبێ وە نابێـت تانـە بدات لە بڕیارێك ئەو لایەن بووبێت تیایدا لە هیچ هۆیەکی راگەیاندن.

**نۆیەم/پابەند بوونی پارێزەر بە کات و ساتی دانیشتنەکانی دادگا:-**

ئەبێت پارێزەر پابەند بێت بە کات و ساتی دانیشتنەکانی دادگا وە خۆی دوانـەخات و کار ئاسـانی بـۆ دادوەری بـەرێز بکـات و ڕەچـاوی کاتەکـەی بکـات بـەوەی یەکسـەر بچێتە نـاو بابەتەکـەوە وە خـۆی دووربخاتـەوە لـە هـەموو ئـەو ئـەو هۆکارانەی ئەبنە دوا خستنی یەکلایی کردنەوەی داواکە،وە ڕەچاوی بارودۆخی هاوڕێ پارێزەرەکەی بکات بە پێی توانا .

**دەیەم/ئەبێت پارێزەر دووربکەوێتەوە لە هەموو کردارێك ببێتە هۆی لەکەدارکردنی ڕەوشتی.**

پیشەی پارێزەر :-نابێت پـارێزەر بەشـێوەیەکی راسـتەخۆ یـان ناراسـتەخۆ پروپاگەنـدە بـۆ خـۆی بکـات بـۆ راکێشـانی خاوەن داواکان بۆلای خۆی وە ئەم کارانەی لای خوارەوە وا دادەنرێت ڕەوشتی پارێزەری لەکەدار دەکات:-

1/بەکارهێنانی دەلاڵ هەروەها ناردن و بلاوکردنەوەی پسوڵەی تایبـەت بـە خـۆی وە راگەیانـدن بـۆ خـۆی کـە شـێوە بازرگانی پێوە دیاربێت ،یان وێنەی بلاوبکاتەوە بۆ دەست خۆشی و مەدح کردن لە کێشەیەك بریکار بوبێت تیایدا.

2/هەموو ئەوانەی لە ماددەی(41)ی یاسای ژمارە (17)ی ساڵی 1997دا هاتووە .

3/گـەڕان بـە دوای خـاوەن داواکـان بـە شـێوەیەك سـەردانی گرتوخانـەو بنکـە پۆلیسـەکان بکـات بەمەبەسـتی بوونـە بریکاری راگیراوەکان،هەروەها گەڕان بـە دوای ئەوانـەی زەرەرمەنـد بـوون لـە ڕووداوی هاتووچۆ وە هـەروەها گـەڕان بـە دوای ئەوانەی موڵکەکانیان بڕیاری إستملاك کردن ئەیانگرێتەوە.

**یازدەهەم/سەربەستی پارێزەر لە بوونە بریکاری هاووڵاتی:-**

پارێزەر ئازادە لە بوونە بریکار یان ڕەت کردنەوەی بەڵام کە دادەنرێت لە داوا جەزائیەکاندا ئەبێت ئامادەبێت و ڕازی بێت بەو بریکارەی وە ئەبێت تا دوا قۆناغ لەگەڵ داواکەدا بڕوات ئەگەر پێویستی کرد.

**دوانزەهەم/ئەرکەکانی پارێزەر بەرامبەر بریکارەکەی:**

کە پارێزەر دەبێتە بریکاری یەکێك پارێزگاری نهێنیەکانی بکات و ئەوەی پێی دەسپێردرێت بە هۆی بریکارەکەیەوە پارێزگاری لێ بکات تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە یاسا ڕێگەی داوە،وەئەبێت بە ڕاشکاوانە بە بریکارەکەی بڵێت کە پەیوەندی هەیە بە ڕکەبەرەکەیەوە یان نا ،وەپەیوەندی هاوڕێیەتی و پیشەیی لە نێوان پارێزەراندا هیچ کار لەوە ناکات کە ئەگەر هەبوون لە داوایەکدا.وە لەبەرئەوەی مافی پارێزگاری پیرۆزە و لە مافە سەرەکیەکانی مرۆڤە نابێت پارێزەری بریکاری تۆمەتبار یان داواکار مافی کەسی پارێزگاریەکەی لەسەر بنەمای ڕای تایبەتی خۆی بێت بەڵکو ئەبێت نامە مرۆڤایەتی و یاساییەکەی بە شێوەیەکی زۆر باش بگەیەنێت.

**سیازدەهەم/دوورکەوتنەوەی پارێزەر لە بوونە کەفیلی بریکارەکەی :-**

نابێت پارێزەر ببێتە کەفیلی بریکارە تۆمەتبارەکەی لە داوا جەزائیەکاندا لە هەر قۆناغێکدا بێت و بەڵام بۆ هاوسەرو کەسە نزیکەکانی تا پلەی چوار ئەتوانێت ببێتە کەفیل.

**چواردەهەم /ئەرکەکانی پارێزەری ڕاوێژکاری یاسایی:-**

ئەبێت پارێزەر بە گرێبەستێك لەگەڵ ئەو کەسە سروشتیە یان مەعنەویەی ئەبێتە ڕاوێژکاری هەموو ئەرکەکانی خۆی دیاری بکات کە ئایا داوای بۆ ئەبینێت یان بۆی ئەکات یان تەنها بەس ڕاوێژی بە پێی ئەو گرێبەستە بۆ پێشکەش دەکات،وە ئەبێت لەو کارەیدا ڕەچاوی ئەمانە بکات:-

1/ئەبێت ڕاوێژ بدات بە پێی بۆچوونی یاسایی خۆی و ئەوەی دادپەروەری داوای دەکات نابێت بە پێی شوێن و ناوبانگی ئەوەی کاری بۆ دەکات گشتی بێت یان تاك ڕاوێژ بدات.

2/ئەبێت ڕۆحی یاساو مەبەستی موشەرع ڕێنوێنی کەری بێت لە کاتی شیکردنەوەی برگەکانی یاساو ڕێنماییەکان وە وا خۆی دەربخات کە دادوەرێکی بێلایەنە لەو کێشەیەی خراوەتە بەردەمی لە نێوان ڕکەبەرەکاندا.

3/ئەو پارێزەرەی ئەبێتە ڕاوێژکاری کۆمپانیایەکی بیانی ئەبێت یاسا عێراقیەکانی بۆ شی بکاتەوە کە پەیوەندی بە کۆمپانیاو بەرژەوەندیەکانیەوە هەیە.

4/کرێی ڕاوێژکاری جیاوازە لە ماندووبوونی پارێزەری بۆ ئەو داوایانەی بۆ ئەو کۆمپانیانە یان ئەو لایەنەی بۆی ئەبینێت تەنها ئەگەر ڕێککەوتنیان هەبوو لەسەر ئەوە.

5/کرێی ڕاوێژی یاسایی پێشتر دیاری کراوە بۆ کۆمپانیای نیشتمانی (85000)هەشتاو پێنج هەزار دینارە وە بیانی (150000)سەدو پەنجا هەزار دینارە.

پانزەهەم/پابەند بوونی پارێزەر بە سنوری دەسەڵاتی خۆی:-

پێویستە پارێزەر لە سنوری دەسەلاَتی خۆیدا کاربکات وە ئەبێت هەموو داوایەك کە پێشکەشی دەکات بۆ دادگاو شوێنە فەرمیەکان دەسەلاَتی خۆی تیا دیاری بکات،وەپێشتر ئاماژە بەوە کراوە چۆن ئەتوانێت بچێتە ناو ئەو داوایانەی لە دەسەلاَتی ئەودانین.

**شازدەهەم/ئەرکەکانی پارێزەر بەرامبەر بریکارەکەی:-**

ئەبێت پارێزەر بە شێوەی گونجاو ویستراو کە ڕەوشت و پیشەیی پارێزەر داوای دەکات پارێزگاری لە بریکارەکەی بکات وە پارێزەر بەرپرسیار نیە بەرامبەر هەموو ئەو شتانەی بریکار دەیلێت لە داوادا یان نووسیبێتی لە داواکەدا ،وە ئەبێت ئەم کارانە نەکات:-

1/پشت بە یاسایەك ببەستێت کە بزانێت لە کارخراوە یان هەموار کراوە بێ ئەوەی ئاماژەی بۆ بکات.

2/پشت ببەستێت بە بڕیارێکی دادگاو لە هەمان کاتدا بزانێت هەڵوەشاوەتەوە یان پلەی کۆتایی وەرنەگرتووە.

3/دەست کاری ناوەڕۆکی سەنەدێك بکات یان ووتەی شایەتێك یان ووتەی رکەبەرەکەی یان بریکارەکەی یان ئەو دەستەواژانەی لە بڕیارێکی دادگادا هاتوون.

4/پێشکەش کردنی بەڵگەیەك بە دادگا وە بزانێت لە ڕووی یاساوە ڕێگە پێنەدراوە بە مەبەستی لە خشتە بردنی دادگا ،یان کار لە شایەتەکان بکات بەو شێوەیەی ئەو ئەیەوێت ئاوا شایەتی بدەن و هەموو ئەو ڕاستیانەی هەیە لە شایەتیەکەیاندا پشت گوێی بخات.

5/یان ئەگەر ڕێگەیەك بگرێتەبەر بزانێت ڕێگە پێنەدراوە بۆ ئەوەی سیقەی بریکارەکەی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

**حەڤدەهەم/پەیوەندی نێوان پارێزەرو بریکارەکەی:-**

پارێزەر ئەبێت بە راشکاوانە ڕای خۆی بە بریکارەکەی بلێت لەسەر داواکەی ،لەو پێناوەدا ئەبێت هەموو ئەو ئەرکانەی لەسەریەتی بەجێبهێنێت لە ڕووی ئەوەی ئەو ڕێگە یاساییانەی ئەیگرێتە بەر بۆ پارێزگاری لێکردنی پێی بڵێت و هەموو توانای خۆی بەکاربهێنێت ،وەئەبێت ڕێگری بکات لە بریکارەکەی لە کردنی کاری نابەجێ دژ بە دادگا یان شایەت یان رکەبەرەکەی یان بریکارەکەی،وە ئەگەر گوێڕایەڵی نەبوو وە لەگەڵ ویژدانی پارێزەرەکەدا نەگونجا ئەتوانێت واز لە بریکاری ئەو بهێنێت و پارێزگاری لە نهێنیەکانی بکات ،وە لەسەر پارێزەرە بەتایبەتی ئەگەر بریکارەکەی دەزگاکانی هەرێم بوو ئاگاداری بکاتەوە لەو قۆناغەی داواکەی پێگەیشتوە تا ڕای ئەو وەربگرێت لەسەر ئەو قۆناغە ،وەئەبێت بریکارەکەی لە ئەنجامی داواکە ئاگادار بکاتەوە وە رایی خۆی پێ بڵێ لەسەر بڕیارەکەو تانەدان لێی وە لە هەموو حاڵەتێکدا ئەبێت پابەندی رای بریکارەکەی بێت بۆ تانە لێدان لە بڕیارەکە هەرچەندە ئەگەر پێچەوانەی رای ئەو بوو.

**هەژدەهەم/مافی پارێزەر لە ماندووبوونی پارێزەری :-**

ماندووبوونی پارێزەر لەگەڵ ئەو هەوڵەی پارێزەر ئەیدات لە داواکەدا دیاری دەکرێت وە نابێت ماندووبوونی پارێزەر بە ئەنجامی داواکەوە ببەسترێت بەڵکو لەو هەوڵەی پارێزەر ئەیدات لە داواکەدا لە هەموو حاڵەتێکدا ئەگەر رێککەوتنی نووسراو هەبێت لە نێوان پارێزەرو بریکارەکەیدا بۆ ئەو کارەی پارێزەر ئەیکات باشترە.

**نۆزدەهەم**/هەموو سەر پێچیەکی ئەم رێنماییانە پێویست دەکات لێ پێچینەوە لە پارێزەرە کەم تەرخەمەکە بکرێت بەپێی یاسای پارێزەری جێبەجێکراوی وە هەموارکرا.

**بیستهەم/ئەم رێنمایانە کاری پێکراوەلە بەرواری** 1987/9/1.